ACTFL
Language Proficiency & Performance
EXCLUSIVELY THROUGH LTI

پرسیارە باوەکانی تاقیکردنەوەی AAPPL لە ماڵەوە

## 1. AAPPL چییە؟

هەڵسەنگاندنێکی پەیوەندیدارە بە ACTFL بۆ دەرخستنی توانستە زمانییەکان. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی سەر هێڵی ئەنتەرنێتە کە چوار بەش لەخۆ دەگرێت بە پشتبەستن بەوەی کە مامۆستا چی بۆ خوێندکارەکانی هەڵبژاردووە. تاقیکردنەوەکە پێک دێت لە گوێگرتن، خوێندنەوە، قسەکردن و نووسین بە یەکێک لە زمانەکانی جیهان. مامۆستایەکە یان خوێندنگایەکە ئاگادارت دەکەنەوە لەوەی کە کام لەم چوار بەشەی سەرەوە تۆمار کراوە بە پشتبەستن بە توانستی زمانی کەسی بەشداربوو لە تاقیکردنەوەکە و ئامانجەکانی تاقیکردنەوەکە. دەتوانیت زانیاریی زیاتر لە سەنتەری AAPPL بدۆزیتەوە.

## 2. ئایا دروستکردنی AAPPL لە ماڵەوە کارێکی زەحمەتە؟

نەخێر، هەموشتێک زۆر سادەیە. سەرپەرشتەکان دەبێت لە چوارچێوەی بنەماڵەکان یان کەسانێکی متمانەپێکراو بن. هەندێک لە ئەرکەکانی سەرپەرشت ئەمانەن:

- سازکردنی شوێنێکی تاقی کردنەوەی هێدی و بێدەنگ.
- پێداچوونەوەی کارەکانی کۆمپیوتەر و زۆربەی کەلوپەلەکانی دیکە و دوایەش بە شێوەیەکی چالاک چاودێری شوێنەکە بکەن.
- زەمانەتی ئەوە بکەن کە ئەو کەسەی تاقیکردنەوە دەکات دەستی نەگات بە کاغەز، قەڵەم، تێبینی، فەرهەنگ، مۆبایل، کامێرا یان هەر ئامێرێکی دیکەی ئەلیکترۆنی.
- هاوکاریی کەسەکە بکەن بۆ پەیوەندیکردن بە LTI یان قوتابخانەکە لە کاتی هەبوونی هەر کێشەیەکدا.

لیستێکی دڵنیابوونەوەی فراوانتر بۆ ئاگاداربوون لە ئەو بەڵگانەی کە هێناویەتی.

## 3. ئایا تاقیکردنەوەی AAPPL جیاواز دەبێت لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە ئەنجام دەدرێت؟

نەخێر. هیچ جیاوازێک لە نێو AAPPL کە لە قوتابخانە دەکرێت و ئەوەی کە لە ماڵەوە دەکرێت نییە.

## 4. بۆماوەی چەند AAPPL بەردەوام دەبێت؟

کات دیاری نەکراوە، هەرچەندە هەر بەشێک ٣٠ بۆ ٤٠ خولەک دەخایەنێت. (بەشی نووسین لەوانەیە کاتژمێرێک یان زیاتر بخایەنێت). کۆی تاقیکردنەوەکە نزیکەی ٢.٥ کاتژمێر دەخایەنێت. ئەو کەسەی بەشداری تاقیکردنەوەکە دەکات دەتوانێت پشوو بدات، یان لە چەند ڕۆژێکدا تاقیکردنەوەکە بکات، یان کۆی تاقیکردنەوەکە بە یەکجار ئەنجام بدات.

## 5. ئایا بۆ وەرگرتنی AALLP ئامرازێکی تایبەت پێویستە؟

بەڵێ. پێویستت بە کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، بیستۆک یان بڵندگۆ هەیە. هەروەها، ئەو کەسەی تاقیکردنەوە دەکات پێویستی بە مایکرۆفۆنێک هەیە بۆ گوێگرتن و قسەکردن بۆ تۆمارکردنی وەڵامەکان لەگەڵ هاوبەشێک کە لە گفتوگۆیەکی ڤیدیۆییدا لە پەیوەندیدایە. زۆربەی کۆمپیتەرەکان لەم ڕۆژانەدا تایبەتمەندییەکی لەو جۆرەیان هەیە، واتە لەوانەیە پێویستت بە دەستهێنانی هیچ ئامێرێکی نوێ نەبێت. بۆ دڵنیابوون، تکایە پێداچوونەوە بە پێداویستییە تەکنیکیەکان بکە و پشکنینی بۆ سیستەمەکەت بکە پێش بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکە. ئەگەر

پێویستیت بە ڕێنمایی زیادە هەیە، تکایە پەیوەندی بکە بە قوتابخانەکەوە.

### 6. ئایا هیچ پارێزەرێکی سیستەمی AAPPL هەیە؟

بەڵێ. AAPPL چەن جۆرە تایبەتمەندییەکی ئاسایشی هەیە. یەکەم، لە سەرەتای هەر مۆدێکی AAPPL ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەکە دەکەن پێویستە پەیمانی شەرەف بدەن. دووەم، ئەوان بە ئۆتۆماتیکی لە تاقیکردنەوەکە دەخرێنە دەرەوە ئەگەر لە تاقیکردنەوەکە دوور بکەونەوە و بەرنامەیەکی تر، یان براوزەرێک، یان خشتەبەندێک بکەنەوە. تایبەتمەندیەکانی تر کە بە ئۆتۆماتیکی لە کار دەخرێن بریتین لە:

- کلیکی ڕاستی ماوس
- بەشی گەڕانەوە لە براوزەرەکە
- قەدبڕەکانی تەختەکلیلی کۆپی، دانانەوە و بڕین (Ctrl + C + Ctrl, Ctrl + X)
- پرۆگرامی وەرگێڕی ئۆتۆماتیکیی گوگڵ، ئەگەر پێشتر دابەزێندرابێت.

لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا، پێویستە وەرگرانی تاقیکردنەوەکە دەستیان بە هیچ سەرچاوەیەکی قەدەغەکراو نەگات، لەوانە کاغەز، قەڵەم، تێبینی، فەرهەنگ، مۆبایل، کامێرا، یان ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی دیکە.

### 7. ئایا پێش تاقیکردنەوەکە هیچ سەرچاوەیەک هەیە بۆ ئەوەی سەعی لێ بکرێت؟

بەڵێ، ئەگەر کاتی پێویستتان هەیە، دەبێت پێداچوونەوە بە ڤیدیۆی ڕێنماییەکانی ACTFLدا بکەیت. هەروەها، ئەو کەسەی تاقیکردنەوەکە دەکات دەبێت تاقیکردنەوەیەکی پێشوەختی دیمۆ ئەنجام بدات.

### 8. ئایا پەیوەندی بە کێ بکەم کاتێک پێویستم بە یارمەتییە؟

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی تەکنیکییە، تکایە، بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی، پەیوەندی بە قوتابخانەکەتەوە بکە.

## ڕێبەری تاقیکردنەوەی AAPPL لە ماڵەوە

سوپاس بۆ یارمەتیدانتان بۆ بەردەوامیدان بە فێربوون بۆ قوتابخانەکان و قوتابیان و مامۆستایان لەکاتی فێربوون لەڕێگای سەرهێڵ بەهۆی ئەو بارودۆخەی کۆڤید-١٩ دروستی کردووە؛ هاوکاری کردنت وەک سەرپەرشتیارێک بۆ AAPPL بەرز دەنرخێنرێت و گرینگە. تکایە بیرتان بێت کە تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیارەکان دەبێت دایک و باوک، پاسەوان یان کەسە پێگەییشتووە باوەڕپێکراوەکانی تر بن کە دەتوانن بەرپرسیار بن لە پاراستنی ژینگەی تاقیکردنەوەکە. ئەم ڕێنوێنیی تاقیکردنەوەیە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکە بە سەرکەوتوویی لە ماڵەوە.

### لینکە خێراکان:

| | |
|---|---|
| دێمۆی AAPPL: | https://www.languagetesting.com/aappl2-demo |
| پێداچونەوە بە سیستەم: | https://aappl2.actfltesting.org/systemcheck |
| پێویستییە تەکنیکییەکان: | https://www.languagetesting.com/aappl2-demo |
| ئەنجامدانی تاقیکردنەوە: | https://aappl2.actfltesting.org |

### لیستێک بۆ دڵنیابوونەوە لە شتە بەردەستەکانی ماڵەوە:

- ❑ پێداچوونەوە بە پێداویستییە تەکنیکیەکاندا بکە و کۆمپیوتەرەکە ڕێک بخە بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت بۆ تاقیکردنەوە و پشکنین بۆ سیستەمەکە بکە.
- ❑ ئەو کەسەی تاقیکردنەوەکە دەکات دیمۆکان بەکار بهێنێت و پشکنین بۆ کیبۆردەکە بکات.
- ❑ پلان دابنێ بۆ کات و دابەشکردنی هەر چوار پێکهاتەکەی ئەو تاقیکردنەوەی کە ئەنجامی دەدەیت (مامۆستاکەت یان قوتابخانەکەت تایبەتمەندییەکان دابین دەکات). هەر بەشێک ٣٠-٤٥ خولەک دەخایەنێت، هەروەها هەتا ٦٠ خولەک کاتت هەیە لە حاڵەتی پێشکەشکردنی نووسین.
- ❑ شوێنی تاقیکردنەوەی پارێزراو ئامادە بکە و بەڵگەنامەی چوونەژوورەوە بەردەست بێت. بیرت بێت کە ئەو کەسانەی تاقیکردنەوە دەکەن نابێت دەستیان بە کاغەز، قەڵەم، تێبینی، فەرهەنگ، مۆبایل، کامێرا، یان ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بگات لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا.
- ❑ ئەو کەسە تۆمار بکە کە تاقیکردنەوە دەکات بە بەکارهێنانی بڕوانامەی چوونەژوورەوە کە لەلایەن مامۆستا یان قوتابخانە دابین کراوە.
- ❑ سەرپەرشتی ئەو کەسە بکە کە تاقیکردنەوە دەکات بۆ تەواوکردنی هەموو پێکهاتەکان و پاراستنی زانیاریی

چوونەژوورەوەیان لە نێوان دانیشتنەکانی تاقیکردنەوەدا. یارمەتیان مەدە بۆ وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێک لە AAPL.

- دوای تەواو بوونی تاقیکردنەوەکە، زانیارییەکانی ئەو کەسەی کە تاقیکردنەوەکەی کردووە، لەناو ببەن و بیانسڕنەوە.